# ناوەندی چاک دەبێت چۆن بێت ؟



حاجی ئەنوەر . 2007/12/3
Hajianwar54@yahoo.de

ئەمرۆ کۆتای بە کۆنگرەنائاساییەکەی چاک بێ دێت، هیوادارم هاوڕێیانێک کە خاوەن باوەڕ و نیەت پاکن، بەداخەوە بارودۆخێکی تایبەت تێکەڵاوی کەسانێکی کردون کە لە داهاتودا بۆ ئەوانیش ئاشکرادەبن، بتوانن خزمەت بە دۆزی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان بکەن و خۆیان بپارێزن لەهەرکارێکی نادروست .

کارێکی ئاساییە دووگروپ، دووتێڕوانینی جیاوازیان بۆ یەک دیاردە یان یەک ڕووداو هەبێت .
بەڵام دەکرێت هاوکار و هاوپشتی یەکتری بن بۆ زیاتر تێگەیشتن و شیکردنەوەی دیاردەکان .

ئەوەی گرنگە کەسانی خۆبەخش و خاوەن باوەڕ لەناو ئەو کەسانەی کە بەهەر مەبەستێکەوە بێت لە چاک جیابونەوە، ڕێگانەدەن گەمەبەچارەنوسیان بکرێت و چەواشەیش بکەنە ئەجندەیان .

هەر لێرەشەوە هیوای کاری باش وهەوڵی زۆرترین خزمەت بە بەشمەینەتانی کوردستانیان بۆ دەخوازم .

دەبێت ئەوکەسانەش کە لەناو چاکدا ماونەتەوە، دەرس و تەجروبە لەو ڕابوردوە تاڵە وەربگرن و خۆیان نەخەنە ئاستی ڕووبەڕووبونەوە ، خۆیان لەهەر شەڕێکی نەخوازراو بپارێزن .

چاک ی پاش کێشەکان دەبێت چۆن بێت .

زۆربەی ئەندامانی ناوەندی چاک کەسانی خاوەن ئەزمون و هۆشیارن، ئەرکێکی هەنوکەی وا کەوتوتە سەرشانیان، کەمتەرخەمی یان شانخاڵیکردنەوە دەچێتەخانەی تاوانبار بوونەوە . شانسێکی گەورەش کەوتە بەردەمیان، بە جیابونەوە و دوورکەوتنەوەی یەکجارەکی کەسانی بێ پرەنسیپی موهاتەراتچی، کە دەبێت شوکرانە ژمێربن، کە بەوئاسانی و بێ سەرئێشەیە ڕزگاریان بوو .

1ـ بۆ ئەوەی چاک ئەو ڕێکخراوە پرۆفیشیناڵە بێت کە چەندین ساڵە کارو هەڵسوڕانی تیادەکەین دەبێت بەرنامەو پەیڕەوێکی تۆکمەی بەدەستەوەبێت و کارەکانی کاری ڕێکخراوەی بێت بە تەواوی مانای ووشەوە .

2ـ دەبێت تاکتیکەکانی لە خراپترین کاتدا سەرچاوی لە ستراتیژی ڕێکخراوەوە وەرگرتبێت .

3 ـ پەیوەندیەکانی ئاشکرا و ڕوولە خەڵکی بێت و هەموو پەیوەندیەکی ژێربەژێرەکی حەرام و لەناو ئەندامان و دۆستان و جەماوەردا بە شەرمەزاری بناسرێت .

4 ـ تەکەتول وکاری تاکەکەسی و ئبرازکردنەوەی کەسایەتیەکان، ئەزمونی پێشودەریخست ئەنجامێکی زۆرخراپی دەبێت و ڕێکخراو توشی شەلەل و دواتر دەبێتە مەزادخانە .

5 ـ خۆزلکردنەوە و لە خشتەبردن، جگەلەڕسوای ، هیچ ئەنجامێکی تری نابێت . بۆ ئەوەی چاک بە چاکی ولە گەشەی بەردەوامدا بێت، دەبێت ڕووداوەکان و کاروهەڵسوڕانەکان چۆن بووە وەک خۆی نیشان بدرێت .

6 ـ دەبێت هەڵوێستی ڕوون وئاشکرا لەبەرامبەر دەسەڵاتی کوردستان و تەواوی حزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان دیاری بکرێت . بوهیچ جۆرێک وەڵامی نامە ودانیشتن لەگەڵ حکومەتی عێراقدا نەکرێت تا بەفەرمی داوای لێبوردن و قەرەبوی قوربانیانی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان دەکەنەوە .

7 ـ بەهیچ کلۆجێک ڕێگا بە ئەندامانی حزبەکان نەدرێت ، بچنە ناوەندی بڕیارەوە ، بۆ ئەوەی ئەزمونە تاڵەکەی پێشومان دووبارە نەبێتەوە .

8 ـ لیژنەیەک لە دۆستان و ڕۆشنبیرانی بەرەی گەل لە دەرەوەی چاک پێکبهێنرێت بۆ مشاوەرەکردن و لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە لە هەر کارێک کە چاک توانای ساغکردنەوەی نەبێت، ئەو لیژنەیە ناوێکی شایستەی بۆ دابنرێت . من پێشنیاری لیژنەی ڕاوێژکار دەکەم .

9 ـ هیچ بڕیارێک نەدرێت و نەبرێتە دەرەوە تا زەمانەتی جێبەجیکردنی نەکرێت، ئەگەر هەر بڕیارێکش توانای یەکاڵاکردنەوەی نەکرا، پەنا بۆ لیژنەی سەرەوە( ڕاوێژکار ) ببرێت .

10 ـ دەبێت هەمو کۆمیتەکان نوێنەرایەتیان لە دەستەی بەڕیوبەردا هەبێت .

لیژنەی دارای ناوەندی لە 3 ئەندام پێکهاتبێت، ئەویش پاش ئەوەی لەلانی کەم 1 مانگ پێش هەڵبژاردنیان ، ناوی پاڵێوراوان بنێردرێت بۆ کۆمیتەکان تا ڕەئی خۆیانیان لەسەر بدەن .

لیژنەی دارای کۆمیتەکان لانی کەم لە 3 ئەندام و دەبێت بۆ هەر ئەندامێکی لیژنەی دارای 2 ئەندامی تر تەزکیەیان بکەن .

لە نیوەی یەکەمی کۆتای هەموو ساڵێکدا دارای بڵاوبکرێتەوە .

11 ـ هیچ ئەندامێک بۆی نەبێت کۆمەک کۆبکاتەوە . ئەگەر ناوەندی هەڵەبجە نیازی کۆمەک کۆکردنەوەی هەبێت ، دەبێت پسوڵەیەکی شارستانیانە و یاسای چاپ بکات . لەپاڵ نیشانەی هەرکۆمیتەیەک نیشانەی ناوەندیشی پێوەبێت و بە دوو نوسخە کە یەکێکیان لای ئەوکەسە بمێنێتەوە کە کۆمەکەکە دەکات .

12 ـ دەبێت کارەکانی ناوەند کاری بەکۆمەڵ و تاک( ....1.3.5.7) بێت . هیچ ئەندامێک بۆی نەبێت پەیوەندی یان هەرکارێکی تر چ ئاشکرا و چ ژێربەژێرەکی بکات .

لەژێرهیچ بیانویەکدا و هیچ پاساوێک نیە بۆ بونی سەرپەرشتیار چ گشتیەکەی و چ تایبەتیەکەی .

13 ـ لێدەری چاک دەبێت زۆرینەی 2/3 دەنگەکانی دەستەی بەڕێوبەر بەدەست بهێنێت . کاتێک لێدەر بەناوی ناوەندی چاکەوە ئاخافتن دەدات، نابێت بەهیچ جۆرێک ڕەئی تایبەتی خۆی بدات .

14 ـ لەمڕۆ بەدواوە دەبێت ئەندامانی ناوەندی چاک لە هەمو ئاستەکاندا ، کەسانی هۆشیار و ڕابوردو پاک بن. بۆ هەر ئەندامێک دەبێت لانی کەم 2 ئەندامی تر پشتیوانی لێبکەن .

15 ـ ئەگەر بکرێت ناوەندی چاک، قەدەغەی بەکار هێنانی ئەو سوێندە بکەن کە تا ماوەیەک لەمەو پێش بەکار هێنراوە ( سوێند دەخۆم بە خاکی هەڵەبجە و ئێسک وپروسکی قوربانیان). چونکە ناڕاستی بەرامبەر ئەو سوێندە کرا .